بسم اللهالرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر) (العصر٣) والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

له دەرسەکی تازە، له مەوعیدەکی تازە، دیسان دەچینە خزمەت خۆشەویستمان، قائیدمان محمد صلی الله علیه وسلم، بەعضە لەقەطات لە حەیاتی موبارەکی قەطع کەین، وەکو ئوسوەك لەبۆ خۆمان و لەبۆ غەیری خۆمان ئیعتیباری کەین، بتانین فیعلەن بیکەین بە وەسیط، ئیرادەی خوای کە ئەو تەحویل و تەوصیلی کردییە لەبۆمان، ئەمەش وەکو عەبدی موطیع موتتەبیعی قورئان لێی وەربگرین و تەطبیقی بکەین.

لە خزمەتتان حەفتەی پێشتریٚ باسی ئەوەمان کرد کە حەزرەت رسول الله صلی الله علیه وسلم، قورەیش وە جەمعی ناس له مەحاوەلەی له دائیرەی ئەوەی دابوون کە ئەزیەتی بدەن، حەربیان ئیعلان کردبوو لەسەری، وە سیفەتی کوفر ئەوهایە قەدیمەن زەکاوەتەکی موعەییەنی هەیە لە شەیطانەوە ئەخذی دەکا، ئوسلوبیشیان لە تەعذیب لە ئەزیەتدان وە خاصەتەن لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئوسلوبەکی زۆر زیرەکانە و داهییانە بووە.

بەحسی ئەوەمان کرد کە ئەو رەسولە عەظیمە سیادەی پێدرا، ماڵی پێدرا، هەرچی مەطڵەبی ئینسانە وەکو ئینسانی طەبیعی لۆیان لە ئیختیار دانا، لۆیان ئیجاد کرد، لۆوەی بتانن فیعلەن ئیستیعابی بکەن، بتانن پاشان تەوظیفی بکەن لەبۆ ئەهداف و مەقاصدی خۆیان، عسی ولعلی ڕۆژەك پاش ئەو تەفاوضە بگەنە مەقصەدی خۆیان، ئەمما لەبەر ئەوەی باسمان کرد خەریتەی ئەو پێغەمبەرە عەظیمە لەخۆیەوە نەبوو، کو وەحی لەبۆ دەهاتە خواریٚ، قورئان، ئەوهاش وەحی لەبۆ دەهات کە کو ئەو وەحییە قورئانییە تەحویل بکا لەبۆ واقیع.

ئەوە ئیشی ئەو پێغەمبەرە عەظیمە بوو بەبیٚ ئەوەی لە داخیلی خۆی حەتتا بە بوعدی عەقلیشی شتەك ئیضافە نەکاتە سەر ئەو دینە، لۆیێ وەرنەگرتنی سیادە ڕیادە وەرنەگرتنی پارە و پوڵ لۆوەی لە نیوەی ڕیٚ لەگەر کوفر ئیلتیقا نەکا وەحییەك بوو لە (رب العالمين)ەوە ئەو پێغەمبەرە پێی تەبلیغ کرابوو، وە دەبا لە عەینی وەقتیش تەحویلیکا لەبۆ واقیع ئەوە مەرحەلەك بوو لە صیغەی تەعذیب ئەو ئینسانە نازدارە.

ئوسلوبەکیتکە کوفر ئیتیخاذی کرد ئەویش ئەزیەتدانی موحیبینی ئەو پێغەمبەرەی صلی الله علیه وسلم، ئائەوانەی کە جوهد و جیهادی لەسەر صەرف دەکا ئەو ئینسانە نازدارە، ئائەوانەی کە ئینتاجی ئەو رەسولە عەظیمەنە مەعەززەی خاصیان هەیە لە قەلبی ئەو پێغەمبەرەی، ئەویش صەحابەکانن، مەحاوەلەیان کرد تەعزیبی محمد بدەن صلی الله علیه وسلم بەواسطەی ئەزیەت و ئەشکەنجە خستنە سەر ئەحیبائی ئەو رەسولەی، ئەویش جەمعەك لە صەحابەی موبارەك کە دەست کورت و کەم دەرامەت و یاخود بێ ساحێب و بێ کەس بوون، مەوالی بوون، عەشائیریان نەبوو، ئەوانیان دەگرتن ئەزیەتی بەدەنی جەسەدیان دەدان.

ئەویش لەبۆ وی، لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کەشف کەن، کە ئەوان زیمامی موبادەرە لە دەستیانە، دەتانن کو ئەوها تەعزیبی ئەو صەحابانە بکەن، دەشتانن تەصفییەیان بکەن جەسەدییەن، وە دەشتانن قووەتی محمد کە نەقلی کردییە لەبۆ ئەو ئینسانانە ئەو جەمعە صەحابەیە، ئەو قووەتە تەفنیش کەن، لۆیێ بە گچکەترین یان بە کەمترین صەحابە کە طاقە و ئیمکانییەتی ریعایەتی خۆی نەبی، یان وەسەطی خۆی نەبی، بەوان دەستیان پێ کرد، بە ئەمەکان بە ئافرەتەکان وەکو زەنیرە، وەکو نەهدییە، لۆوەی ئەگەر هاتوو صەحابەی ساحێب ئیقتیداریش هەبی ئەوە ببتە عیبرەت لەبۆی، نەوعە خەلەلەك دروست ببی لەناو صەحابە.

ئەگەر تانیان ئەو جەمعە کە خەلەلی تێدا دروست دەبی، بە واسطەی وان ئینشیقاقەك دروست بکەن لەناو صەفی موئمینین، ئەوە گەورەترین نەجاحیان دەهینا، وە جەمعی مونشەقینیش زۆر سەهل دەبوو ئەووەختی وفقی مەطاڵیبی قورەیش هەڵسوکەوت بکەن، ئایا ئەوجا مەسئولییەتیان پێ دەدرێ، مەسئولییەتی موئەسەسەکی دینی، یا موئەسەسەکی ئیجتیماعی، یاخود دائیرەکی ڕەسمی ئیقتیصادی، فیعلەن بتانن بە واسطەی ئائەو جەمعەی، ئەو جەمعە صەحابە مونشەققە، کە قەلبیان کە ئیمانیان ضەعیف بووە تانرا ئینشیقاقیان پێبکرێ لە صەفی موئمینین و صەفی صەحابە، بە واسطەی وانە موحارەبەی ئەصلی دین بکەن، وە صاحێبی دەعوە بکەن کە محمد صلی الله علیه وسلم.

ئەمما لەبەر ئەوەی دیسان دەگەڕێینەوە سەر ئەصلی قەضییە، ئەو (محمد)ەی صلی الله علیه وسلم کە ئەو صەحابانەی دروست کرد، دیسان بە ئیرادەی خوای دروستیانی کرد، وفقی ڕیعایەی رەبانی دروستیانی کرد، رب العالمین خۆی موهەیمن بوو لەسەر حەتتا صیغەی صیاغەی قەلبیشیان لە داخیل، خاطیرەك بە قەلبی صەحابەی دادەهات، رب العالمین لە ئاسمانەوە ئیلتیقاطی دەکرد، یەکسەر عەن طەریقی وەحی نەقل دەکرا لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم صەحابەك خاطیرەکی بە قەلبی دادێ، فکیف ئەحداث و حەرەکات و نەشاطی ڕۆژانەیان، ئیذەن رب العالمین خۆی موهەیمن بووە،

وە موهەیمنیشە لەسەر ئەحداثی بەشەر، ئەگەر هات فیعلەن ئەو بەشەرە ئەو جەمعە موئمینە ئیرادەی خۆیان تەسلیمی رب العالمین بکەن، ئەو وەختی هیدایەی ئیطلاقی دروست دەبی لەبۆ ئەو جەمعە موئمینە، بە صیغەك وفقی إرادة الله حەرەکە و نەشاط دەکەن، لۆوەی فیعلەن بتوانن ئائەو ریضوانە تەحصیل بکەن کە رب العالیمن لە بۆیانی دانایە.

بێین تەمەشای خەریتەی ناو مەککە بکەین، بە چاوەکی رەبانی، بزانین کو رب العالمین تەصنیفی ئەحداثی کردییە، ئەوە جەمعی صەحابەیە تەعزیب دەدرێ، زەنیرە چاوی کۆر دەکرێ، سومەییە لە شەرەفی دەدرێ و شەهید دەکرێ، یاسر ئیعدام دەکرێ، خەنق دەکرێ بە دەستی موجریمین، بیلال بە رووت و قووتی صەفاو مەرواى پێ دەکرێ لەسەر لمە گەرمەکانی دەوروبەری مەککە.

هەر ئەو جەمعە صەحابەی نەبووە ئەوها لە ئەزیەت دابووینە، صەحابەش هەر ئەوەندە نەبووینە، ئیننەما جەمعەکی غەفیری زۆر گەورەتر وەکو: عثمان بن عەففان، وەکو جەعفەر بن ئەبی طالب، وە غەیری دیکەش ئەبوبکر، ئەوانەش هەر لە تەعزیب دابوون لەگەر ئەو جەمعە صەحابە چونکی نەفسی مەدرەسە نەفسی رەحەمات و ئەلطافی رەبانی دروستیانی کردییە.

مثل المؤمینین لەسەریان تەطبیق دەکرێ(کمثل الجسد الواحد)، لەو حالەتە دابوون، لۆیێ کە ئەبوبکر ئەو وەضعەی دەبینی، کابرای بە بوعدی میزانی ئەورۆ دەولەمەندێکی ملیونێرییە، هەرچی ماڵی هەیە ثەروەتی هەیە لەسەر ئائەو جەمعە صەحابەیە دادەنێ، نەك خێری پێ بکا صەدەقاتی پێبدا، نەء، ئیننەما ئائەو جەمعە صەحابە موئمینە کە قەرار وابووە تووشی ئەزیەت و ناخۆشی ببن، ئەبوبکر ئەوها ئیعتیباری بکا کە ئەویش عونصرەکە لەبن دەستی ئائەو موجریمانە ئەزیەت دەدرێ، لۆیێ هەرچی ئیمکانیات و کەفائەتی بەشەریی هەیە ماددی و مەعنەوی تەسخیری بکا لەبۆ ئیزاحەی ئەو جەمعە صەحابە نەقییە لەبن دەستی تەعزیب، لۆیێ شەش صەحابە دەکرِی بە پارەی خۆی، عیلمەن ئەووەختی سعری ئەو صەحابانە کە تەحتە تەعزیب بوون دەقات و بیست قاتی سعری عەبدەکانیتکە دەکرِێن چونکی سلعەکی زۆر بە قیمەتە عند الله وعند عباد الله.

با بزانین لێرە رب العالمین کو تەصنیفیان دەکا، رب العالمین وفقی جیهازی رەقابەی خۆی کو پاشی تەصنیف ئیعدادی ئائەو جوموعانە دەکا، وەکو وەصفیان دەکا؟ هەر یەکە وفقی دائیرەی خاصی خۆی، ئەوەی تەعذیب دەدرێ صەحابەنە ئینسانن، سەبەبی تەعزیبەکەش وەکی دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد ئیمانە و بەس، (وما نقموا منهم إلا أن یؤمنوا بالله العزیز الحمید) (البروج ٨) ئەوە سەبەب بوو.

باشە ئەو جەمعە صەحابەیە رب العالمین ئەوها بەجێیان دێلی؟ ئەوان لەبەر ئەو (رب العالمین)ەی تووشی ئەو ئەزیەتەی بووینە! نەخێر، تەوصیفی حالیانی کردییە لە سوڕەتی بروج، لە عەینی وەقتیش کە ئەو حالە ئەگەر لە قطەکیش بی وەضعی وان زەمەنی تێدا مەوجودە، موحتەمەلە حەفتەك دوو حەفتە مانگەك دوو مانگ لەو وەضعەیدا موستەمر بن، دەبی عیلاج بکرێن، کابرایەك ئەگەر بچتە سەفەر زادی پێ نەبی، لەو مەنطەقەیەش زاد نەبی، موحتەمەلە لە برسان یان لە تێنان بمری، باشە (رب العالمین)یش ئەو جەمعە صەحابەیە لەو حالەتەدا مەوجودن، دەبی تەغذییەیان بکا، دەبی ئیمدادیان بکا، دەبی شەحنیان بکا، دائیمەن لەبۆوەی فیعلەن بتانن مواجەهەی ئیمانییەن مواجەهەی ئائەو جوهدە بەدەنییە سلبییە دەکرێ لەسەریان، بتانن مواجەهەی بکەن.

لۆیێ لە سوڕەتی والعصر گچکەترین سورەتە لە قوڕئان، رب العالمین بە هەدیە دایدەبەزێنی لەسەریان، کە دەفەرمی: (والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر) (العصر) وەکی سوڕەتی بروج لەوێش ئایەتەکە بەس لەبۆ جەمعی موئمینینە، بەس لەناو حەلەقەی ئەهلی ئیمان ئیش دەکا ئائەو مەجموعە ئایەتە، لە بیدایەت دەست پێدەکا، قەسەم بە زەمەن والعصر، ئەمەش خۆشمان دەزانین زەمەن لە تەغیر دایە، زەمەن لە تەبادول دایە، عەصر، وەقتی عەصر، ئەها دەگوترێ نوێژی عەصر یەعنی زەمەنێکی زۆر چووە کەمی مایە، ئەوە ئیشارەتەکی خەفییە لەبۆ پێغەمبەر و صەحابە، کە زۆرتان چووە ئەنگۆ لە ئیمتحانات لە ئیبتیلائات، کەمتان مایە خۆتان بگرن، لەبۆ ئەو کەمەی فەرەجتان لەبۆ دێ، (والعصر) پاشان دەفەرمێ (إن الإنسان لفي خسر) رب العالمین لەبۆ کائینی مەخلوقی وەکی مە مەجموعە تەصنیفەکی دانایە، جارەك بەحسیان دەکا بە ناس پێشی تەبلیغ و تەفهیم و تەبین، پاشان کە بە عەینی ناسیشە دەفەرمی کە تەبلیغ دەکرێن بە ئینسان، (يأأيها الانسان) مەرتەبەی تەبلیغ فەوق دەبی برندتر دەبی، دەبتە بەنی ئادەم، هێشتا برندتر دەبی صیغەی موخاطەبە و ئەخذ و عەطاء لە بەینی لە بەشەرەوە لە لایەن (الله)وە دەبتە بەشەر، پاشان نەقل دەبی لەبۆ دائیرەی ئیمان، رب العالمین موخاطەبەی دەکا بە (يأأيها الذين آمنوا) ئەوە تەصنیفی ئینسانە لە قوڕئان بەو نەوعەی کرایە.

ئیذەن کەلیمەی ئینسان یەعنی ئائەو جەمعەی کە تەعزیبی ئائەو ئینسانە موبارەکانە دەکەن، تەبلیغ کراینە عەقلیان مەوضوعی هیدایەت وە حق الله لەسەر عیباد ئیسپات کرایە لەسەریان، لە مستەوای ناس نەماینە، بووینە ئینسان، عەقلیان هەیە، لەگەر بوونی ئەو عەقلەش، بوونی ئیرادە، ئەوجە هاتینە ئائەو حالەتە ئیفتیخاذ دەکەن بەرامبەر ئائەو جەمعە صەحابە موبارەکە، لۆیێ ئەگەر هاتوو ئەو حالەتە تەوبەی بە دوو نەیێ خەسارەت مەندن.

وه هەر ئینسانەك عەقلی بوو فیطڕەی بوو تەسخیری نەكرد لەبۆ هیدایەت لەبۆ وەی ئیعتڕاف كا لەبۆ حەق خەسارەتمەندە، (إن الإنسان لفي خسر) هەموو ئینسان، پاشان.. ئەدی عیلاج چییە یا رب العالمین مەخرەج چییە لێرە؟ دەفەرمی ئیستثنا دەكا (إلا الذین آمنوا) نا فەرمی (الاالذین اسلموا) (إلا الذین آمنوا) داخیلە، عەمەلیات لێرە دەكرێ، قەواعیدی ئیمانی لێرە وەردەگیرێ، پاشان تەحویل دەكرێ لەبۆ خاریج (وعملوا الصالحات)، عیلمەن زەمەنی صەحابەی جارێ صاڵیحات زۆر نییە، مەئمور نەبووە بە زۆر ئەوامیر، بە هەموو سەت و قسور ئایەت هاتتە خوارێ، لێرەش لەگەر ئەوەش رب العالمین صالیحات و عەمەلی لەبۆ ئیستعمال دەكا، چونكی وەلیدی ئیمانە قەضییە، ئیمان ئەصلەكەیە، ئەوجا ئەعمالی لەسەر بینا دەكرێ سەبر سەبر، ئەصلەكە لە ژۆرێیە ئەوجا دەبی ئەعمال بێتە سەری (إلا الذین آمنوا وعملوا الصالحات)، لۆیێ لە هەموو قورئان لە سورەتی فاتیحەوە هەتا قل أعوذ برب الناس كە بەحسی ئەعمال دەكرێ وە تەشخیصیش دەكرێ بە صالیحات إلا ویسبقە كلمة الإیمان، ئیلا ئەگەر هاتوو ئەعمالەكان صالح نەبوون دەلیلە لەبۆ نەبوونی ئیمان، یان خەلەلەك لە ئیمان، (إلا الذین آمنوا وعملوا الصالحات)، پاشان چ دەكەن؟ (وتواصوا) لە بەینی خۆیان، خەبباب، بیلال دەبینی دەبی پێی برێ: یا أخي أصبر، ئائەوە تەوصیەیە، ماددەی تەوصییەكەی چییە؟ (وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر) لۆوەی خەلەل لەناو قەلبی بیلال دروست نەبی، لۆ رب العالمین مەلائیكەت دانابەزێنی دیفاعمان لێ بكا؟، ئەمە جەمعی موئمینین نینە تووشی فیتەن و ئیبتلاء بووینە، هەر لەبەر خاتری ئەو دینەی نییە ئەمە تووشی ئیبتلاء بووینە، دەولەتیان داینێ نەمان ویست! دەیانویست دەورەمەندمان بكەن نەمانویست! هەر لەبەر خاتری ریضوانی، نەك ریضوانی رب العالمین.

باشە لۆ ئێستا ئائەو (رب العالمین)ە كە ئەمە طەڵەبی ریضوانینە لەوی، لۆ مەلائیكەت دانابەزینی دیفاعمان لێ بكا؟ نابی ئەو قەناعەتە لە قەلبیان دروست ببی؟ لۆ؟ چونكی دەبی ئیمان بچتە ئەجوائی ئیمتحان و ئیبتیلاء (أحسب الناس أن یتركوا أن یقولوا آمنا وهم لا یفتنون)(العنكبوت٢)، قەضیەكە قەولە ئەگەر وەهابی (ولقد فتنا الذین من قبلهم فلیعلمن الله الذین صدقوا) (العنكبوت٣) خەت لەبن كەلیمەی صدقوا، (ولیعلمن الكاذبین)، زۆر كەس هەیە ئیدیعا دەكا بە زمان ئەمن موئمینم، ئەمما لێرە دەبی صدقی ئەو قەولەی بە واسطەی خۆگرتن بەرامبەر ئیبتیلائات و میحەنی رەبانی.

كە خەبباب بیلال دەبینی لەو حالەتەی دەبی تەوصییەی بكا، لەسەر حەق صەبر بگرە لەسەر ئەو حەققەی، هەرچەندە ئەزیەتیشی تێدایە، باشە ئەو كو صەبر بگری لەسەر ئەو حەققەی؟، ماددەی

جیهازی، یاخود بەنزینی ئیستیمڕاڕییەتی دەیمومییەت لەسەر ئەو حەققەی چییە؟ ئەویش کەلیمەی صەبرە، لۆیێ هەر لە بیدایەتی نزولی قورئان رب العالمین تەوصییەی صەحابە و محمد دەکا لەسەر کەلیمەی صەبر، (فاصبر لحکم ربك) ئائەوەی ئێستا صەحابە بەسەری دادێ حوکمی (رب العالمین)ە، رب العالمین دەیتانی بە ئیرادەی خۆی مەشیئەتی خۆی ئەو حالەی لەسەر صەحابەی دایە لابچی، ئەمما دەبی فیعلەن خۆی لەبۆ صەحابەی ذاتی خۆی کەشف ببیتن، بوعدی ئیمانی، کەممی ئیمانی کە وەریگرتییە لە قەلبی چەندە؟ ئەگەر عەممار خۆی ناسی، وەکو عەممار پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موراجەعەی پێ دەکا، چونکە نابی ئەوهابی، ئەمما ئەویتکە وەکو یاسر وەکو سومەییە، وەکو بیلال ئەوانە هەموو ئیمانیان لە مستەوای بەرزە.

ئیذەن ئیبتیلائات کەممی ئیمان کەشف دەکا، ئەو ئیمانە معیاری چییە؟ مستەوای صەبرە، ئائەو صەبرە زاد و بەنزینی حەققە، لۆوەی ئەو حەققە لەو وجودە لەو دونیایە بمینێ لۆووەی ئیستیمڕاڕیەو دەیمومییەتی هەبی، نەخۆ ئەهلی حەق سەیارەیان دەڕوا فەترەك، موحتەمەلە زۆریش سەریع بی ئەمما زوو ڕادەوەستی، چونکی کەمی وەرگرتنی بەنزینەکی مەحدود بووە، لۆیێ حالەتی عەممار ئیستثنائی لەبۆ هاتییە لە قورئان، ئایا دەبا هەموو صەحابە بەو نەوعەی بی؟ نەخێر نەدەبا بەو نەوعەی بی، دەبا عەممار لە مستەوای صەحابەی بی، ئەمما ئەگەر هاتوو ئەو حالەتەش لە عەمماری دروست بوو نابی تیکرار ببتەوە تێیدا، ئەوە حالەتەکە بە واسطەی ئەو ئیبتیلائەی کە تووشی بوو بەدەنییەن مستەوای عومقی ئیمانی لەبۆ کەشف کرد، ئەوە ئیمدادی رەبانی لەبۆ جەمعی صەحابە لەو ئەسنایەی.

باشە ئەدی وەسیط بەینی ئەو جەمعە صەحابە و الله، ئەو موعەذذەب نییە لە داخیل ئەو ئەزیەتی پێ ناخوا؟ ئەو بۆکسەی لەو صەحابەیەی دەدرێ سەدای لە قەلبی محمد نییە صلی الله علیه وسلم؟ ئەو کززەیەی جێی ئاگر، جێی ئاسنی گەرم کە لە جەسەدی عەممار دەدرێ، کززەی لە قەلبی موحەمەدی نییە صلی الله علیه وسلم؟ بەرێ، خۆی تەعزیبەکە ئەصلەن لەبۆ وییە، ئەصلەن تەعزیب لەبۆ پێغەمبەرییە صلی الله علیه وسلم.

ئەمما دەبی (رب العالمین)یش بالمقابل حالەتەك لە ناو داخیلی محمد صلی الله علیه وسلم دروست کا، لۆیێ پاشی بە فەترەکی کەم سوڕەتی (إنا أعطیناك) دێتە خوارێ، لۆوەی موحەمەدیش صلی الله علیه وسلم ئیحساس بەوەی بکا کە فیعلەن ئەو (رب العالمین)ە ئەو جەمعە صەحابەیە وە ئەو سەبەبە لەبۆ ئەزیەت دانی ئەو جەمعە صەحابەیە، لە دونیا لێرە تەحتی ئیبتیلاء و ئەزیەت تووشی ئەزیەت و ئیمتحان بووینە، ئەو سەبەبە لەبەر ئیمانیان، ئەویش ئەزیەت دەخوا ئێستا، ئەو جەمعە صەحابەیە لە

ئەزیەتدان، موقابیلی رب العالمین عەطائی دەداتێ، زۆریشی دەداتێ دەفەرمی: (إناأعطیناك الكوثر)(الكوثر١) زۆرمان دایێ، ئەمما موحتەمەلە جارێ لەبۆت تەحویل نەكرابی، وە زۆر شتت دەدەینێ، كەوثەر لە كەلیمەی كەثیرەوە هاتییە یەعنی زۆر زۆر (إناأعطیناك الكثر)، باشە بالمقابل چ دەكەی ئەتوو چونكی ئەو وەزعە خاصصە، حالە طەواریئە، (فصل لربك وانحر) (الكوثر٢) (إن شانئك هو الأبتر)(الكوثر٣) ئەها لە سورەتی ئەوە دەفەرمی: (واستعینوا بالصبر والصلاة)(البقرة٤٥)، ئائەو صەلاتەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەدای دەكا، صەبڕی لەبۆ دروست دەكا صەبر، فیعلەن لۆوەی خۆشی و ئەو جەمعە صەحابە هەمووی نضوج بكەن ئیمانییەن، بگەنە ئەو سەقفەی كە رب العالمین دەیەوێت، بیلا تەشبیهـ وەكو طەلەبەی ئیبتدائی سەبر سەبر لە صەفی یەكەوە دەرسی دەدرێتێ، ئیمتحان دەكرێ، ئەگەر ناجیح بوو ئەوجە تەحویل دەكرێ لەبۆ صەفی دوو، دەرسی دەدرێتێ، ئیمتحان دەكرێ، دیسان ناجیح بوو تەحویل دەكرێ لەبۆ صەفی سێ، بەو نەوعەی.

ئائەو جەمعە صەحابەیە لەگەر خۆشەویست صلی الله علیه وسلم لەو ئیمتحان و ئیبتیلائەی دانە، سەبر سەبر برند دەبن، حەتا دەگەنە سەقفی ویستی خوای جل جلالە، ئیرادەی خوای، ئەوجە ئەو وەقتی رب العالمین ئیشەكانی پێدەكا، ئەو وەقتی ئەوانە بە موظەفین ئیختیار دەكرێن، بە ئەصەحاب موئەسەسات، ئەصحاب وزارات ئیختیار دەكرێن، ئەمما نەك لە صونعی كوفر لە عەطائی كوفر، ئیننەما لە صونعی خۆیان وەكی دەرسی پێشترێ بەحسمان كرد.

(إن شانئك هو الأبتر) ئەی دوژمنەكانت؟ مەقطوعن، دوژمنەكانن مەقطوعن یا محمد ئیمتیدادی توو لە ئادەمەوەیە وە ئیتیصالی موباشیرت بە (الله)ی هەیە، ئەمما كوفر حالەك موئەقەتە لەسەر كورەی ئەرض ئیستیثنائاتە، زوو لەناو دەچی، دەفەوتێ، بەس ئەتوو (فصل لربك) ئەوە حەلتە، حەللی دیكەت نییە.

بێینە صەففی موقابیل قورەیش موجرمین، حالی وان رب العالمین وەصف دەكا: (أرأیت الذي یكذب بالدین) (الماعون١) (یكذب بالدین)، (فذلك الذي یدع الیتیم)(الماعون٢)، ئەوە هەموو وەصفیان (ولا یحض علی طعام المسكین (الماعون٣)، (فویل للمصلین)(الماعون٤) (الذین هم عن صلاتهم ساهون) (الماعون٥)، بەحسی صەلات دەكا لێرە، طەبعەن لەگەر كەفەرەیتی، لەگەر موجریمینیتی، لەگەر قورەیشیتی، چونكی نوێژیان دەكرد ئەوانیش، ئەها دەفەرمێ: (وما كان صلاتهم عند البیت إلا مكاء وتصدیة)(الأنفال ٣٥)، قورەیشیش نوێژی دەكرد، كافریش بوو، نوێژیان دەكرد ئەوان، باشە ئەو نوێژە فیعلەن وەكو نوێژی محمد و صەحابەكانە؟ نەخێر.

لێیان طەڵەب کرایە نوێژ بکەن، ئەمما وفقی ئیرادەی خوای دەبی نوێژ بکەن، وفقی فەرضییەتی رب العالمین دەبی نوێژ بکەن، نەك وفقی هەوای خۆیان، داخیلی خۆیان، ظنونی خۆیان، ئەویش بە چەپرە لێدان، بە فیکە لێدان، لۆیێ ڕاستە نوێژیان دەکرد، ئەمما (فویل للمصلین)(الماعون٤) جەهەننەمیان لەبۆ هەیە، (الذین هم عن صلاتهم ساهون)(الماعون ٥) لۆ؟ نوێژەکەیان چونکی حەقیقەت نەبوو، ئەو نوێژە، نەیتانییە عیلاقەکی صەحیح وە تەواو کامیل لەگەر رب العالمین دروست بکا، بەینی ئەو عەبدە و بەینی رب العالمین.

(الذین هم یراؤون)(الماعون٦) (ویمنعون الماعون)(الماعون ٧)، یەعنی حەتا نوێژەکەشیان لەبۆ خۆیان بووە، بوعدی ئوفوقی بووە لەبۆ بەشەر، موڕائە لە روئیەوە هاتییە، یەعنی بەشەر بیان بینی، ئیذەن داخیلی ئەبولەهەب و ئەبوجەهل و عەمالیقەی قوڕەیش، نەك نوێژەکە بکا برێ یا (رب)ی ئەوە لۆتوم کرد قبوری کە و دەشیبینی، نەء ئیننەمما حالەکە تەمثیلیی بووە، تەفەنون بووە بەینی خۆی و بەینی بەشەرەکانی دەوروبەری، کە فیعلەن بوعدی تەدەیون لەسەر ذاتی ئەبولەهەب و ئەبوجەهل دروست بکەن، حەتا قەناعەتیان پێ بێ لەو درۆ و دەلەسەیەی کە ئەبولەهەب و ئەبوجەهل دروستی دەکا بە ناوی مەفاهیمی دینی.

باشە رب العالمین ئەوها بەجێیان دێلی؟ نەء تەقریرات موستەمر دێتە خوارێ لەبۆ پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم عەن طەڕیقی وەحی، جوبریل لەقەطاط هەمووی دەگری، (رب العالمین)یش خۆی سەمیعە، خۆی بەصیرە، خۆی مەوجودە حاضیرە، ئەوجە وەختی دەداتە سەر ئەو حالەتانەی کە دروست کراینە مەوجودن، رب العالمین حالیان عمومەن لەکنە، خۆی بە تەقریری خۆی بەحس دەکا، لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەویش لە سوڕەتی التکاثر (ألهاکم التکاثر)(التکاثر١) دەفەرمی: (ألهاکم التکاثر) (التکاثر١) (حتی زرتم المقابر) (التکاثر٢)، هەتا گەیشتنە قەبر، هەتا مردنتان، هەر ئیستیزادە، هەر تەکثیر کردن، هەر زیادکردن، لە هەمووشتەکی خراپ، لە حەڕام ماددی و مەعنەوی، لە ئەزیەت دانی موسوڵمان ماددی و مەعنەوی، هەر زیاد کردنە لە بوعدی سلبی بەشەریی، (حتی زرتم المقابر) (التکاثر٢). باشە هەر ئەوەندە؟ (کلا) ئینتیزار کەن ڕۆژتان دێ (سوف تعلمون) (التکاثر٣) (ثم کلا سوف تعلمون) (التکاثر٤)، زەمەنی تێدایە، حەڕەکەی تێدایە، قەضییەی عیلمی تێدایە، ئینسان دەبی خۆی یەقینەن لەسەر حالی خۆی ئیقراڕ بکا، بە چ؟ (کلا لو تعلمون علم الیقین) (التکاثر٥) (لترون الجحیم) (التکاثر٦)، عیلم، وە (الیقین)یش، یەقینتان هەبی جەهەننەم دەبینن، نیهایەتتان جەهەنەمە، ئەوە حاڵتان بی بەو نەوعەی بن (ثم لترون الجحیم)، کە نەتیجەی ئەو حالەتەیە، (ثم لتسئلن عن النعیم) ئەوە رب العالمین ئەو حالەتانە هەمووی تەصویر دەکا

لەبۆ پێغەمبەر، عەن طەریقی وەحی دەگێڕتەوە، طەبعەن ئەو حاله زۆر ئیعتیادییه تیکرار ببی، لۆیێ عەن طەریقی وەحی تەدوین کرایه و مایه، هەر وەختەکی جەمعی موئمینین مەوجود بوون، وە نەوعی ئیمانیان، مارکەی ئیمانیان قورئانی بوو وەکو صەحابه، دەبی به عەینی حالەت دابڕۆن، وە ئەو حالەتەیه نوضج و کەفائەت عومق له ئیمان، ئەحاسیس و کەفائەتیش له واقیع، لۆوەی فیعلەن ئینسانی موئمین دەوری خۆی حەقیقی و واقعی ببینی له وجود لەسەر کورەی ئەرض، نەك لەبۆ مەنطقەکی گچکه، مەوقیعەکی جوغرافی،

لێره پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەلای صەحابەکان دێ و دەڕوا تەماشیان دەکا موتەئەلیمه، رب العالمین تەماشای قەلبی ئەو ئینسانه نازداره دەکا، تەماشا دەکا ئەبوجەهل، ئەبولەهەب مامی بوو مەسئولی تەعزیبن، عومەری بن خەطاب حەرەکەی دەکا و نەشاط دەکا دێوو دەچی ئەزیەتی صەحابان دەدا، یەکسەر دەستی برندەکا دەرێ (اللهم إهدی بالاسلام أحد العمرین)، مەخسەدی یان عومەر بن الخطاب یان ئەبولەهەب ئەبوجەهل عەمرو بن هیشام، یەك لەو دووەی، چونکی فیعلەن صندیدن، عیملاقن له ئەزیەتدان، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مولاحەضه دەکا طاقەی زۆریان پێیه ئەوانه، ئەو دوو ئینسانه، شەویان کردیته ڕۆژ لەبۆ شەڕ، فیعلەن ئەگەر هاتوو تەحویل بن لەبۆ ئیمان ئەو طاقەیه تەحویل دەکرێ لەبۆ ئیمان، تەمەشای خولوقی عیظەمی خولوقی ئەو موحەمەدەی بکەن، دوژمنیتی! صەحابەکانیش تەمثیل بکەن وەکی جەرگی پێغەمبەری، وەکی مندارەکانی، ئەوە تەمەشا دەکا عومەر بن خەطاب ئەوەنده له مێشکی زەنیرەی دەدا چاوی فەقد دەکا، زەنیره دوو چاوی کۆر دەبی، لەگەر ئەوەش دوعای لۆ دەکا، دەرێ یا ربي هیدایەتی بده، چونکی بەو نەوعەی بڕوا عومەر بن خەطاب (لترون الجحیم) تووشی دەبی.

ئەویش رەحمەته لەبۆ هەموو ئینسان، رەحمەته لەبۆ هەموو کەون، رەحمەته لەبۆ هەموو وجود، لەو قووەته و لەو جەبەڕوتییەتەی عومەر وە ئەبولەهەب و ئەبوجەهل و ئەبو سوفیان و ئیتکه، لەو قووەته و لەو طوغیانەی ئەوجا هەر قەلبی لەگەر ئیمانیانه، فه لۆیێ تەمەشا دەکەن رب العالمین ئیستیجابەی دوعای دەکا، احد العمرین تومەز ئیمامی عومەر بووه عومەر بن خەطاب.

عومەر بن خەطاب وەکو هەموو بەشەر وەکو مه له داخیل فیطرەی هەیه، دروسی پێشتر بەحسی ئەوەمان کرد عیلاقەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر شعورو ذهنیاتی ئینسان نەبووه و نییه، عیلاقەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر قەلبی ئینسانه، لەگەر فیطرەی ئینسان، لەگەر داخیلی ئینسانه، لۆیێ حەتا دوژمنەکانیش بەحسمان کرد وەلید بن موغیره و ئەبوسوفیان و ئەبولەهەب چەند

جارەك دەچوون بە دزى گێيان دەدا صەوتى موبارەكى پێغەمبەرى صلى الله عليه وسلم، لە ئەسناى قورئان خيندنى لە شەو نوێژ ياخود خۆى لۆ خۆى دەيخيند لەناو مەككە.

تومەز نەفسى حالەت لەسەر عومەر دروست بووە، بە دزى دەچتە پەناى بەيت، شەوان، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەبۆ موناجات لۆوەى (قم الليل) تەطبيق بكا، لەناو بەيت حازر دەبوو قورئانى دەخيند، عومەر لە پەناى بەيت گێ دەداتە پێغەمبەرى صلى الله عليه وسلم، وإذا بە بفطرتە سەبر سەبر برند دەبى، فيطرەى دەكرێتەوە، دەكەوتە ئيزديواجييەت، فيعلەن ئەو دينە ئابائە هەمووى غەڵەتە باب و باپيرى ئەژدادمان هەمووى لەسەر خەطەء چووە، تەحەمولى ناكا، هەضمى ناكا ناتانى تەوەققوعى بكا، ئيذەن ئەوانە هەمووى موجريمين بووينە هەمووى ئينسانى خراپ بووينە، هەمووى دەچنە جەهەننەم، ئائەوەيە ئيحائاتى محمد، داخيلى خۆشى هەوا، ئەوە خواردنەوەيە، ئەوە فولانە ئەو فولتانە الى اخره لە لەذەواتى ئينسانى، صيراعە لە بەينى ئەو دووەى، بەينى فيطرە جارێ نەبوويتە ئيمان، لەگەر بەينى واقيع و مەلەذذات.

رۆژەك تەحەمول ناكا دەرێ با نيهايەت لەبۆ ئەو حالەتەى بينم كە تووشى بوويمە، قەرارى ئەوەى دەكا بچى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئيغتيال بكا، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بكوژى شەهيد بكا، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەو ديوەى دى كە دوعاى لۆ كرديية، لە عەينى وەقتيش ئيشى خۆى ماشييە، كە بەحسى دەرسى پێشترێ بەحسمان كرد پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئيعلانى حالەتى طەوارئى ئيمانى كرد لەناو جەمعى صەحابە، دار الارقم وەقف كرا، ئيتيصالات و هاتووچۆ راوەستا. هيچ صەحابەك بە كەيفى خۆى نايەتە خزمەت پێغەمبەرى صلى الله عليه وسلم، ئيننەما پێغەمبەر ئيتصاليان پێ دەكا، دوو سێ نەفەرى دانايە، يەك لەوانە ئەبوبەكرى صديقە، وەحى دێتە خوارێ وەحييەكە دەنووسرێ دەبتە ريسالە دەدرێتە صەحابە، هەر يەكە لە مەوقيعى جوغرافى خۆى، قائيمە هەيە لەكن ئەبوبەكر فلان صەحابى لە فلان جێيە، فلان صەحابى لە ماڵى فلانى ميوانە، مامۆستايانە، لەوێ مەوجودە، مەحاوەلە دەكا ئيمانييات پێكەوە، ئەو لەوان برندترە، نەقلكا لەبۆ وان، وە وەسيطى بەينى پێغەمبەر و بەينى وەحييە ئەو صەحابييە.

ئەو عيلاقەتە، شەبەكە سرپيە لەناو مەككە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆى موشريفيتى، لەسەر ئەو حەرەكە و نەشاطە دائيبە مەوجودە، و اذا، طەبعەن زۆر جاريش وەبوو صەحابە صەحابەى نەناسييە، ياخود صەحابە زانيتى فلان صەحابە موسلمانە، ئەمما نەيديتييە، عيلاقاتى لەگەر نييە، شكلى تەنظيمى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شكلەكى موعەييەنە، قورئان كەشفى دەكا، كە كو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تانيتى ئەو بينائە دروست بكا.

لەو طەڕەفەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو ئیشانەی ماشییە،لە ئەسنای ئەو ئەو ئیحتیکاکەی و ئیذا عومەڕ دێ نەوایەی خۆی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیغتیال بکا و بکوژی، لە رێی صەحابەك تووشی دەبی، ناوی عبدالله بن نعیم، ئەو صەحابەیە موسڵمانە ئەمما کەشفی ئیمانی ناکا لەبۆ غەیر، کە دێنە بەرامبەر یەك لەناو گەڕەکەکانی مەککەی، عومەڕی کوری خەطاب چاوی سۆر بووە، دەم و چاوی زەرد هەر گەڕایە، عەصەبییە، ئینتیها بە حالی ئیزدیواجییەتی داخیل بینی، صیڕاعەکی زۆر بەقووەتە لە داخیل، نیهایەتی پێ بینی، قورتار ببی، چ لایەنەك زاڵ بووە لەسەری؟ بوعدە شەڕانییەکە.

یەك سەر ئەو صەحابەیە دەیبینی، دەرێ کێوە دەچی عومەڕ؟ دەرێ ئەو نییەتەم هەیە، جارێ تەهدیئەی دەکا، دەرێ وەرە با بچینە پەنایەکی با کەس گێی لێ نەبی، موشکیلەی لۆ خۆت دروست دەکەی ئەتوو، نا ئەمن موسیڕم لەسەر کوشتنی محمد! دەی مەحاوەلە دەکا ئیقناعی کا بەعەقلیات ئیقناع نابی، پاشان دەرێ باشە ئەگەر ئەتوو کوشتت ئەدی بەنی هاشم نووستینە؟ خەویان لێ کەتییە؟ وازت لێ دەینن؟ بچییە تۆقی عاسمانێ هەر دەتفەوتێنن، هەر دەتکوژن، پارچە پارچەت دەکەن، ئەبو طالب مودافعیتی، ئەبو طالب زەعیمی قوڕەیشە، کو لەبن دەستی قورتار دەبی، ئەوەش هەر تەئسیری لێ ناکا. هەر دەیەوێ بێتە پێش، دەچی دەرێ باشە ئەتوو دەچی ئەو عیلاج دەکەی، هەی بەستەزمان لۆ ئاگات لە عائیلەی خۆت نییە، ئەتوو لەناو وان قەومایە، ئەگەر ئەتوو ئەوەی بە میکرۆب دەزانی، ئەو صاحێب میکرۆبە، لەناو عائیلەی خۆت نەخۆشی هەیە برۆ بیگەیێ، دەرێ کو؟ دەرێ فاطیمەی خوشکت موسڵمان بووە، مێردیشی هەر موسڵمان بووینە، ئاگات لێی نییە، یەکسەر تانی ئەو صەحابەیە بە ئیدراك و فەننی خۆی غەضەبی عومەڕ تەحویلکا لە محمد لەبۆ ئێتکە، ئەوە ئیرادە (الله)یە.

دیارە رب العالمین لە فەوقەوە خەریتەکی لەبۆ عومەڕ دانایە، عومەڕ نازانی، ئەو صەحابییەش دەبی لەو ئەسنایە لەو لەحضەیەی لەوێ حازر بی، سوکانی عومەڕ لە جیاتی لۆوەی بچتە خزمەت پێغەمبەری، پێغەمبەر ئەزیەت بدا، بیسوڕێنی لەبۆ مارێ خوشکی، فیعلەن لە دەرکەیان دەدا، کێ لەوێ مەوجودە؟ صەحابەك سڕەن کەس پێی نازانی خەبباب، ئەوە مامۆستایانە، دەرسی خوشکی عومەڕی دەدەن، فاطیمە بنت خەطاب لەگەر مێردی خوشکی قوڕئانیشی لەکنە، کە یەکسەر لە دەرکەی دەدرێ، هەر لە دەرکەدانی دەزانن ئەوە عومەڕە، بە غەزەبیش هاتییە، لە کێن دەرێ ئەو صەحابییە بشارنەوە؟ خۆشی دوو غورفەیە پەنا و پێچی تێدا نییە، یەکسەر دەرێن برۆ ناو تەندوری عیلمەن تەندوریش گەرمایی تێدا مایە، ئەو صەحابییە دەچتە ناو تەندور.

پێشەوەی عومەڕ بێتە گەڕەکەکەی دەنگی قورئان وەکو ئەزیزی نەحل وەکو مێشەنگوینی دەنگیان دەهات، خەباب لۆیان دەخینی ئەوان تیکرار دەکەنەوە ئیعادەی دەکەنەوە، کە هات دەنگەکە نەما، لە دەرکەی درا دەرکەی لۆ کراوە، خوشکی دەرکەی لۆ کردەوە، زاوای خۆی لەولای خۆی مەشغول کرد، کأنە ئاگای لە هیچ نییە و خەوی لێ کەتییە، یەکسەر هات تەمەشای کرد ئەوسەر و ئەوسەری کرد ناو غورفەکان کەس نییە، کا ئیدی دەنگەکی غەریبم لێرە گێ لێ بوو، نییە لێرە کەس.

فیعلەن لەو مەنطیقەی کەس نەبووە، تەندوورەکە لەولایە، لە حەوشەیە، مەحاوەلە دەکا بینە و ببە ئیقناع نابی، عومەڕ ئیقناع نابی، ئەو دەیەوێ تەسەتور کا لەسەر مەوضوع و قەضییە، دەرێ کاکە زانیتم ئەنگۆ بووینە موسڵمان قەسەم بەلات و عوزا و بە الی آخرە ئیلا دەتان فەوتێنم، کە دەچی تەمەشا دەکا خوشکی دەیەوێ مواجەهەی بکا، زاوای هەردەستی، زاوا هەردەستی لەسەر خۆتبە و هاوار مەکە و عەیبە و جیران و فولان، یەکسەر ڕاژدییەك بە پشتی دەستی لە دەموچاوی زاوایەکەی دەدا، عومەڕە، عومەڕ، عومەڕ بن خەطاب، زاوای دەکەوی، خوشکی دەچی دیفاع لە مێردی بکا شاپەکی لەویش دەدا دەوی بەخین دەبی.

کە خینەکەی دەبینی یەکسەر قەلبی تەحویل دەبی، عەطف و حەنان و ئوخووەت و برایەتی و سۆزی برایەتی و ئەوانەی لەبۆ دروست دەبی، طەبعەن ئەو عاطیفەیە ئی فیطڕەیە، فیطڕەی ئیذەن بە ئاگا هات، ئیعادە بۆوە، یەکسەر ڕادەوەستی دەرێ باشە ئەخە لۆ ئەنگۆ وەدەکەن؟ لۆ وەلەخۆتان دەکەن؟ ئەمە مردین هەندی ئەزیەتتان بدەین! تەعزیبتان کەین، تومەز لوغمی شەیطان لەناو قەلبی عومەڕ ئەوە بووە کە فیعلەن خۆشی لە ئەزیەت دانی صەحابەکان ببینی، ئەمما لەبەر ئەوەی فیعلەن فیطڕەی مەوجودە، رب العالمین ئیهمالی ناکا یەکسەر فتیلەکەی لێ سەحب دەکا، بە چ؟ صەمیمییەتی و ئیصرارییەتی صەحابە گەورەترین سەبەب بووە لەبۆ ئیمان هینانی عومەڕ.

تەمەشا دەکا بیلالەك پیستەك و ئێسکەکە، باشە ئەوە چییە؟ بەردی لەسەر سینگی دەشکێنن واز نایینی! ئافرەت تەعەددای لێ دەکرێ واز نایینی! باشە محمد هیچی نەداینێ، هیچی نەداینێ، محمد مادددییەن هیچی نەداینێ، بالعکس لێیان سەحب کرایە، لۆ ئەوانە ناکەون؟ دیارە ئەو تەعزیبە ئەگەر موقایەسە بکرێ ئەو ئەزیەتە موقایەسە بکرێ لەگەر ئەو لەزەتەی کە محمد ناو قەلبی ئەوانەی دانایە زۆر دیارە فەرقی هەبووە، ئەلەمەکە زۆر زۆر کەم بووە لەچاو ئەو لەزەتەی کە محمد لە قەلبی ئەوانی دانایە، لۆیێ قەلبەکە تانیتی ئیصرار و صمود بکا، بەرامبەر ئەزیەتی بەدەن دادەنیشی، دادەنیشی.

ئەوجە یەکسەر چونکی ئیمان عەقل دروست دەکا، عەقلی فیطڕی، عەقلی ئیمانی، نەك عەقلی سونەنی، یەکسەر خوشکی بە فوڕصەت دەبینی دەچتە پەنای دەرێ بەس نییە؟ هەتتا کەینێ باشە

حاجیزی بەینی تو و بەینی ئیسلام چییە؟ لۆ نابیە موئمین؟ لۆ ئیمان نایینی؟ تەفەکور دەکا، ڕاست دەکا، با ئەویش نائیلی ئەو لەزەتەی ببی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەوێ دوعای لۆ کردییە، هۆردووك دوعای پێغەمبەر و فیطڕە و دەعوەی خوشکی هۆردووك لە عند الله ئیستیجابە دەکرێ، ئێستا دەرێ باشە ئەمن ئاخر کابرایەکی خیندەوارم هەر لەو گۆڕەی ئەمن ئیمان بینم کو دەبی؟ دە پیشانم دەن شتەك موستەمسەکەك موستەنەدەك، یەکسەر دەچن خەبابی دەردەینن، بەستەزمانەی پشتیشی سووتایە، طەبعەن پاش موسڵمان بوونی زەمانی ئیمامی عومەڕی کە خەلیفەیە خەبباب و ئیمامی عومەڕ ڕۆژەکی دەکەونە بەرامبەر یەك لە مەجلیس، ئیمامی عومەڕ لە خەبباب دەپرسی دەرێ ئەرێ ئەتوو چ ئەزیەتت نەخواردییە وەختی خۆی زەمانی قوڕەیش و کوفر؟ دەرێ بەرێ والله یەکجار ئەزیەتم خواردییە، دەرێ چییە؟ دەرێ والله جارەکی چوومە ناو تەندووری، لۆ چوویە ناو تەندووری، طەبعەن عومەڕ نازانی پشتی سووتایە، ئا دەرێ والله ئەتوو دەهاتییە ژووری جارێ ئیمانت نەهینابوو، شەیطان غەلەبەی بوو لەسەر قەلبت، فە مەجبور لە ترسان بچمە ناو تەندوورێ، ئەزیەتی منیش نەدەی چونکی دەم دیت گێم لێ بوو هاواری خوشك و زاوات.
ئائەو ئەلەمە ئەو ئەزیەتە وەختی خۆی عومەڕ سەبەبی بووە، فیعلەن دێتە دەرێ ئەو صەحابەیە شتەکیشی پێیە لەناو جلد نووسرایە سوڕەتی طە، (طه، ما أنزلنا عليك القرآن لتشقى) (طە٢) قوڕئان مەصدەری شەقائی نییە، مەصدەری سەعادەتە، مەصدەری ئونس و خۆشییە، مەصدەری لەززەتە، دەست دەکا بە خیندنی ئەو سوڕەتەی، وە ئیذا بە سەبر سەبر حەڕاڕەی برند دەبی.

یەکسەر طەڵەب دەکا محمد لەکێندەرێیە، مەوقیعی جوغرافی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە ڕۆژ پێی کەشف دەکەن لە فلان جێیە، یەکسەر دەچی لە دوور ئەبوبەکر تەمەشا دەکا دەبینی فیعلەن ڕووناکی ئیمان لە دەم و چاوی عومەڕ دەدرەوشێتەوە، ئەو وەقتیش ئەوهابووە صەحابە ئەگەر بهاتبا موسڵمان بی بچووبایە خزمەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لەوێ ئیشهاری ئیسلامی خۆی بکا، فیعلەن دەچی هەر لە دوور ڕا، (أما آن لك يا عمر ان تسلم)، باوەشی پێ دەکا (بلا قد جئت للإسلام).
دەبیاتە خزمەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم یەکسەر شەهادەت دەدا، ضوعفی گچکەیی موسلمانان لەگەر ضەخامەت و عیملاقییەتی عومەڕ، ئەمما ضەخامەت و کیبەڕی ئیمانی صەحابەی بەرامبەر کەمی جاهیلییەتی عومەڕ، بالنتیجة لە مەسرەح لە ساحەی قیتال، قیتالی ئیمان و کوفر ئیمان دەباتەوە، ئیمان بردییەوە، ئەو جەمعە صەحابە گچکانە بوونە سەبەبی موسڵمان بوونی، ئیمان هینانی ئیمامی عومەڕ، ئەوە ڕەکیزەك لەبۆ ئیسلام دروست بوو.

پێشی وی به سێ ڕۆژ حەمزە ئەویش عیملاقەکە پێویست ناکا وەصف بکرێ، چاکی دەناسن، حادیثەك لە بەینی موجریمەك لە موجریمینی قورەیش لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دروست دەبی، موجریمە جورئەت دەکا جوون بە پێغەمبەر بدا، لەوێ صەحابییەك مەوجودە ئافرەتەك مەوجودە، لەوێ صەحابیەیە، لە نزیك ماڵی ئەو ئافرەتەی ئەو حادیثەیە دروست دەبی یەکسەر تەسجیل دەکا، موجریمەك تەعەددای لە موحەمەدی کرد، محمد کێیە برازای حەمزەیە، یەکسەر وەکی حەمزە دێتەوە ناو شار یەقەی دەگری دەرێ توخوا غیرەتی بەنی هاشم وە خاصەتەن ئەتوو بگاتە ئەو حەددەی ئەوها تەعەدا لەو موحەممەدەی بکرێ ئەنگۆش دیفاعی لێ نەکەن؟ لێی بەجواب نێن، نەخوەی عەشائیرییەت و قەرابەت هەر دەستی، یەکسەر دەچی بە گژ ئەو موجریمەیدا دەیداتە بەر شاپان، هەر لە دەوی دەردەچی دەرێ (وأنا علی دین محمد).

ئەمما حەمزە شتەکی دەوێ رب العالمین شتەکی دی دەوێ الله، ئیرادەی (الله)ی شتەکیتکەیە حەمزە یەکسەر بەخۆی دادێ، فیعلەن قسەکی گەورەی کرد ئێ ئەوەش لە زوعەمائی قورەیشە، قسەکی کرد نابی درۆ بی قسەکە، دەبی ساحێبی قسەی خۆی بی، دەچێتەوە ماڵی دەرکەی لەسەر خۆ قەپات دەکا، فکرکە چم گۆت ئەمن لۆ وەم گۆ؟ دەی سەبر سەبر دێتە سەر ئەوەی فیعلەن ئیلاهـ ئەو سێ سەت و شێست و قصور صەنەمەکەیە، کە لەناو بەیت حجز دەکرێ، سجن دەکرێ، یاخود ئەو ئیلاهەیە ئەمن هەموو ڕۆژ دەچمە دەرێ ئاثار و بەصەماتی ئەو ئیلاهەی لە صەحرای، لە ڕەمل لە وجود لەکەون دەبینم، فیطرەی سەبر سەبر دیسان ئیویش دەست بە ئیش دەکا، یەکسەر دێتە خزمەت پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم دەرێ ئیمانم هینایە، صییەغی ئیمانم فێرکە، دەرێ أن تشهد أن لا اله الله وأني رسول الله، دەبتە موسلمان.

ڕەصیدی ئیسلام هێشتا برندتر بوو، بالمقابل کوفر ڕەصد دەکا ئەوضاع، ضەختی زیاتر دەکا، ئەزیەتی زیاتر دەکا لەسەر صەحابە، رب العالمین لە ئاسمان ڕەقیبە، بەصیرە، دەبینی ئەو ئەحداثانە موحتەمەلە ئەو صەحابانە چیدی تەحەمول نەکەن، لۆیێ یەکسەر خۆی زیمامی موبادەرە و ئەمر لە دەستە خۆیتی، خۆی خەریتە دادەنێ، ئەمر دەکا بە پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم لە سورەتی الزمر: (قل یا عباد الذین آمنوا اتقوا ربکم للذین أحسنوا في هذه الدنیا حسنة وأرض الله واسعة إنما یوفی الصابرون أجرهم بغیر حساب)(الزمر١٠) بەحسی ئەرزە (وأرض الله واسعة) ئەوە وەحییە لەبۆ پێغەمبەری هاتیتە خوارێ صلی الله علیە وسلم.

ئیذەن دەبی ئەو وەحییە ئەوە مەتنە شەڕحیشی لەگەر بێ، شەڕحەکە کێ دەیکا؟ نابی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بیکا، دەبی جبریل بیکا، جبریل دەیکا، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەمر بە جەمعەك دەکا، عەدەدی موسڵمانەکانی ناو مەککەی کەم کا.

کوفر دەبینی ئەوە سەبر سەبر ئەعدادی موئمینین زۆر دەبی، لەکێندەرێ قەطع دەکا؟ محمد صلی الله علیه وسلم هەر لە شەریحەی وان، شەریحەی قورەیش، لە عەوانی وان قەطع دەکا، هەر ئەوانەنە دەبنە موئمینین، باشە بەو نەوعەی بڕوا ئەو مەجالە بدرێ قورەیش عەقلی فەقد دەکا، موحتەمەلە شتەکە خەتەرتر بی، مەشاکیلی گەورەتر دروست بکا لەبۆ جەمعی صەحابە، ئەو وەختی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی شتیتکە بکا، موحتەمەلە حەل لە پێش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوە بی: ئەگەر ئەمن بامایە مەثەلەن ئەمەباینایە مەثەلەن، مەجموعە موسلمانەکی ئەو زەمانەی ئەو عەصرەی بایە مەثەلەن دەمانگۆ: با پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مواجەهەی بکردبا، قەراری ئیغتیالی دەرهینابا بە سەم بایە، بە چەقوی بایە، بە خەنجەری بایە، بە موسەدەسی کاتمی صەوت بایە، لە ناویانی دەبرد، فیعلەن بیگۆتبا بابە هەر کێ دەتانی زەعیمەك لەو زوعەمایانە لەناو ببا، ئیغتیالیان بکا، ئەمما دیارە ئیرادة الله لەسەر وەی نەبووە، ئیذەن ئەوە خەطەئە نابی بکرێ، صەحیح نییە، نابی وجودی هەبی ئەو خەطەئە، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەیکرد.

یاخود دەعوەکەی ڕابگری ئەویش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مۆضەفە چی لە دەست نییە، دەبی ماشی بی لەو خەریتەیەی خوا جل جلالە لۆی دانایە، ئیذەن حەللی صەحیحتر ئائەو جەمعە صەحابە با عەدەدیان کەم بکرێ، لە پێش چاوی ئەو کافرە نەبی، نەمینێن، دائیمە نەرفەزەیان لە بۆ دروست کا، دائیمە حقدیان زیاتر ببی، لۆیێ ئەمری کرد وفقی قائیمەکی موعەییەن، ئەو مەجموعەیە ئەو چاردە نەفەرە، پاشان چاردەکە بووە هەشتا نەفەر، ئیضافاتی هاتە سەر هەموو هجرەت بکەنە حەبەشە، لەوێ (الی ان یحکم الله بین عباد).

فیعلەن صەحابەکان ئەو مەجموعانە هەموویان خۆیان جەمع کرد، خۆیان کۆ کردەوە یاتاغیان هەرگرت لەبۆ حەبەشە، طەبعەن بەس بەستەزمانەکان نەبوون، ئیننەما ئەغلەبیان زوعەما بوون، لەوانە عوثمان بن عەففان ئەزیەتی نەدیتبوو لە حەیات لەبەر ئیمان، چونکی پشتی هەیە، جەعفەر بن ئەبی طالب صەحابەیتکە، جەمعەکی زۆر خێزانەکانیان، لەوانەی کە ئەزیەتیان خوارد وەکو بیلال دەبا بچی نەچوو، عەممار دەبا بچی نەچوو، ئیذەن هیجرەتی جەمعی صەحابە لەبۆ حەبەشە فیڕار نەبووە، لە مەککە لەبەر ئیضطیهاد و ئەزیەتی کەفەرە، ئیننەما یەك مەجموعە ئەهدافی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لەبۆ وێ.

بابێن دیراسەی ئەو ئەهدافانە بکەین پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوانە وەکو جەرگی ئیعتیباریان دەکا، دەبی لە ئەسنای جێی ئیختیار کردن حەضرەمەوت مەوجودە یەمەن، شام مەوجودە، فورس مەوجودە، لۆ ئیختیاری حەبەشە دەکا لەبۆیان، مەکان جێ؟ پاشان، لە بەینی دینی ئیسلام و مەسیحییەت کە لە شام و یەمەن مەوجودە عیلاقات هەیە، هەتا ئێستا ئەهلی کیتاب عەکسەن ئایەتی لۆ نەهاتیتە خوارێ، بە عەکسی ئەهلی کیتاب پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هوجوم بکاتە سەریان، ئیذەن عیلاقەی وودی بەینی دینی ئیسلام و دینی مەسیحییەت حەتتاکو دینی یەهودییەتیش سلبی نییە جارێ، مەشاکیل دروست نەبووە بەینی ئەو دوو ئیتیجاهەی، شەریعەتی موحەمەدی لەگەر شەریعەتی موحەڕەفی عیسا و موسا، دەیتانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بیاننێرتە وێش.

ئەو جەمعەی کە ناردرا ئەو چاردەیە، پاشان سەبر سەبر قائیمەکە عەدەدیان زیاتر بوو، کە چوونە وێ فیعلەن ئیعتیباطی بوو؟ یاخود پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وفقی ئیرادەی خوای، هەمووی وفقی ئیختیصاصات و وفقی ئیمکانییات و وفقی ئەهدافی ریسالەی ئیسلامی ئیختیار کران بچنە وێ.

ئەگەر بێی فیعلەن دیراسەت بکەی هیجرە لەبۆ حەبەشە، ئموری زۆر عەجیب کەشف دەبی مەثەلەن:

١- بەینی مەککە و بەینی بحرالأحمر دەریای سوور وە پشتی وی حەبەشەیە، مەسافەکە زۆر کەمە بەینی حەضرەمەوت عەدەن، ئێستا لەگەر بەینی حمص و حەما کە حدودی بێزەنطی بووە، مەسافەکە زۆر زۆرە، ئەووەلەن ئیحتیاجیان بە کەممەکی زۆر هائیل لە خواردن و خواردنەوە دەبی، چونکی مەسافەکە حەفسەت- هەشسەت کیلۆمەتر دەبی قەطع کەن، ئیذەن باریان گران دەبی تەنەقولاتیان زەحمەت دەبی، زەمەنی زۆری دەوێ جوهدەکی زۆری دەوێ، عیلمەن ئەوانە عەوائیلیان لەگەرە منداڵیان هەیە. ئیذەن ئەو جێیەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەبۆیانی ئیختیار دەکا وفقی وەحی دەبی جوهدی کەم لەبۆ صەرف بکرێ، لە ئەسنای رۆیشتن لۆوەی زادی کەم ئاو خواردن ئەوانەی کەم لەگەر خۆیان ببەن.

٢- لە عەینی وەقتیش زەمەنەن زۆر لە ڕێیێ نەمینێن، نەوەکو شەیطان، شەیطان عەن طەڕیقی وەلی خۆی بێ خەریتەکیتکە دابنێ، موتابەعەی ئەو جەمعە صەحابەیە بکا، فیعلەن جەمعە صەحابەکە تووشی ئیبتیلائەکی بەدەنی ببن لەوێ لەڕێیێ بفەوتێن، هەدەفییەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە نەقلی ئەو جەمعە صەحابەیە لەبۆ حەبەشە بە فەشەل نیهایەتی بێ. ئیذەن دەبی جوهدەکە کەم بی، مەسافەی زەمەن کە لە مەککەوە قەطع دەکرێ لەبۆ حەبەشە زۆر زۆر کەمترە، لەوەی مەسافەی زەمەنی لە مەککەوە قەطع بکرێ لەبۆ حمص و حەما یا عەدەن، لە عەینی وەقت موحافظە لەسەر کیانی ئەو جەمعە صەحابەیە.

٣- وەرە سەر دیراسەی حەبەشە بکە ڕاستە مەسیحییەت لەوێ مەوجود بوو، وەکو حمص و حەما و هی ئەو زەمان، شامی ئەو زەمان، لەگەر حەضرەمەوتی ئەو زەمان، ئەمما مەسیحییەتی وێ ئیتیمدادی وەکی مەسیحییەتی ئا ئەو دوو جێیە نەبوو، لەوێ تەثلیث مەوجود بوو، ئەمما تەدەیونی حەبەشە لە مەسیحییەت لەسەر مەدرەسەی شەرقی بوو، ئەورووپی نەبوو، تەثلیثەك بەو نەوعەی نەبوو، بەو موجەسسەمییەی نەبوو، کە ئێستاش مەسیحییەکان قەناعەتیان پێی هەیە، ئەوان ڕبوبییەت و ئولوهییەت بەو دەرەجە کەثافەتەی لەبۆ عیسایان دانەنابوو.

٤- ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەینی دینی خۆشی لەگەر دینی ئەو جەمعەی، ئەو شەعبەی کە لەوێ دەژی زۆر فاریق نییە، طەبیعەتی بەشەرەکان حەبەشیی خۆیان لەگەر ئەوڕوپی و لەگەر جەماعەتی جەزیرەی عەرەب فەرقیان زۆرە، دائیمەن ئینسانی نەرمن لە طەبیعەت، ئەوە هەمووی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دیراسەی کردینە.

٥- پاشان ئەو دەولەتەی کە لەوێ مەوجودە، دەولەی دینییە، ئەو قەناعەتەی کە شەعبەکە هەیتی ئەو قەناعەتە لەوێ حوکم دەکا، نەك وەکو حمص و حەما، شامی ئەو زەمان میللەتەکە قەناعەتیان بە تەثلیث نییە، ئەمما پێشی قەیسەری ئەو زەمان ویستیتی تەثلیث دروست بکا، لەناو دینی مەسیحییەت فەرضی کردە سەر شەعبی مەسیحی وێش، ئائەو مەجلیسی ئیستیشارییە و پەرلەمان و رەئیسی وێش هەر موتەدەینن، نەك وەکو قەیسەر و وەکو ئەبڕەهەی ئەو زەمان تەمەثول بە دین بکەن، تەفەننون بە دین بکەن، دبلۆماسییەت پشان بدەن، بە واسطەی دین، عیلمەن لە داخیلی خۆیان قەناعەتیان بە دین نییە، نەء هەر خۆی کابرا مەلیك مەسئولی حەبەشە کابرایەکی موتەدەینە.

٦- لەناو حەبەشییەکان حوڕییەی دینی هەیە، یەعنی کابرا صەحابی کە نەقل بوو لەبۆ حەبەشە ئەگەر نەیتانی عەن طەریقی ئیعتیکاف کابرای حەبەشی تەحویل کا لەبۆ ئیسلام، کابرای حەبەشی ئیضطیهادی ئەو صەحابەی ناکا بە واسطەی ئیختیلافی دینیان، ئەوە هەمووی دیراسەی موکەثثەفی پێغەمبەرییە صلی الله علیه وسلم.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەتا ئێستا رەسولەکە بوعدی سیاسی و کە زەمان و مەکان دەوری هەیە تێیدا نیتی، رب العالمین ویستیتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە مستەوای رەئیس دەوڵەت لەمە و پاش تەعامول بکرێ، لۆ؟ چونکی ئێستا وەفد لاجیء سیاسی دەنێری لە بۆ دەولەتەك، ئەو دەولەتەی کە ئەو مەجموعە لاجیئە سیاسیانە قبول دەکا، دەبی ئیعتیرافکا بە نیظام و قانونی.